

# سێکس و ئەلکحول

د . ئەفرام محەمەد حەسەن
٭ خوێندکاری بۆردی تەندروستی دەروونی
Afram_afram @yahoo.com

● مرۆڤ لە دێرزەمانەوە مەی ناسیوەو هەوڵیداوە لە بەری زیاتر لە درەختێك بەدەستیبهێنێتو لە پیاهەڵدانیدا زۆری وتووەو نەیارانی لە باسی زیانیدا، زیاتریان وتووەو هەندێك میللەت لە هەندێکی تر زیاتر دەخوەنەوەو هەندێکی تر بەناوبانگن بە بەکارهێنانی جۆرێك مەی وەك لە جۆرێکی ترو شارنشین زیاتر بەکاریدەهێنێت وەك لە دانیشتووانی لادێ. هەڵوێستی ئایینیش دیارە لەمەڕ مەیخواردنەوە (بەپێی ئیسلام خواردنەوەو بازرگانیپێکردنو بارکردنو تەنانەت نووسینی پەیوەستنامە بازرگانییەکەشی بە کارێکی حەرام داناوە، هەر لە بیرەوە تا ویسکی، لەژێر رۆشنایی ئیسلامدا هەموو مەستکەرێك حەرامە).

راگەیاندن کاریگەریی گەورەی هەبووە لە هاندانی تاکەکان بۆ خواردنەوەو راگەیاندنی کوردیش کەمتەرخەمی نەکردووەو هەندێ لە زنجیرە تەلەفزیۆنییە (کەناڵە ئاسمانیە!!) کوردییەکان سەبارەت بە تاکی مەیخۆر، پێچەوانەی هەموو راستییە زانستیو کۆمەڵایەتیو دەروونییەکان دەیخەنەڕوو (لە پێناوی.......... ؟؟!!).

ئەوەی سەرنجڕاکێشە هەندێك کەس دەخۆنەوە بەبیانووی ئەوەی لە رووی سێکسییەوە چالاك بنو بە سیمایەکی پیاوەتی دادەنێنو بە خەمڕەوێنی گرفتە دەروونییەکانی دەزانن، بەڵام پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە، پڕاوپڕ راستییەکانن، چونکە سەرجەم توێژینەوە زانستییەکان ئەو راستییانە دەسەلمێنن کە کەسی مەیخۆر تواناو ئارەزووی سێکسیی کەمترە لە تاکی ئاسایی (بەپێی توێژینەوەیەك زیاتر ٥٠٪ی مەیخۆر ئەم حاڵەتەیان هەیە)و ژمارەی سپێرمەکانی کەمترەو گوونەکانی دەپوکێنەوەو مەمکەکانی گەورەتردەبێت (بێگومان باس لە مەمکی پیاو دەکەین)، توانای رەپبوونی نامێنێت، یان ناتوانێت لەو بارەدا بمێنێتەوە بۆ ماوەی پێویست (نزیکەی ٥٠٪ی مەیخۆران بەپێی زیاتر لە توێژینەوەیەك بەدەست ئەم حاڵەتەوە دەناڵێنن)، نارەحەتی لە هاویشتندا یان تووشی حاڵەتی درەنگهاویشتن دەبن، توندوتیژیی سێکسیی لە کەسانی تر زیاترەو حاڵەتی نەزۆکی لە مەیخۆردا زیاترە لە تاکی ئاسایی، هەروەها ئەلکحول دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن. ئەو کاریگەرییانەی سەرەوە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت، واتە بڕێکی دیاریکراو نییە، گەر تاك بەکاریبهێنێتو تووشی ئەم حاڵەتانە ببێت، دەشێت یەکێك بە بڕێکی کەمو کەسێکی تر بە بڕێکی زۆر، تاکێك گیرۆدەی یەکێ لەو زیانانە بێتو یەکێکی تر گیرۆدەی زیانێکی تر. سەبارەت بەوەی کە ئایا پاش راگرتنی مەیخواردنەوە تاك وەکو خۆی ئاساییدەبێتەوەو ماوەی چەندی دەوێت بۆ گەڕاندنەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی؟ لە راستیدا ماوەی پێویست بۆ گەڕاندنەوە بۆ باری ئاسایی دیارنییە، بەپێی توێژینەوەیەك لەسەر ١٧,٠٠٠ مەیخۆر کراوە، پاش وازهێنانیان لە مەیخواردن بۆ چەند ساڵێك لە ٥٠٪یان توانای رەپبوونیان گەڕاوەتەوە باری ئاساییو ئەوانی تر بەردەوام سکاڵایان هەبووە لە توانای رەپبوون. سەبارەت بە سیمای پیاوەتی، زۆر جار تاکی شەرمنۆك یان ترسنۆك پەنادەباتە بەر مەیخواردن، کاتێك لە دەست کێشەکان رادەکاتو ناتوانێت چارەسەریبکات، وەك هەڵهاتنێکی ترسنۆکانە خۆی لە دنیا بێئاگا دەکات، بۆ ساتێك یا بۆ هەمیشە عەقڵو ژیریی وەلاوە دەنێت!

لە رووی دەروونییشەوە، رەنگە مەیخواردنەوە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی یان بێئاگایی لە خەمۆکی تا ماوەیەکی کورت، بەڵام مەیخواردنەوە بە یەکێك لە هۆکارەکانی خەمۆکی دادەنرێت، توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە رێژەی خەمۆکی لەنێوان مەیخۆرەکاندا زیاترە وەك لە کەسانی تر.

لەم ساڵانەی دواییدا مەیخواردنەوە لەنێوان خانمانیش بە رێژەیەکی بەرچاو هەستپێدەکرێت (باس لە کۆمەڵگەی خۆمان دەکەم)، گومانی نییە زیانی مەی لە مێدا زیاترە وەك لە نێرو بە بڕێکی کەمتر زیانەکان دەردەکەون، وەکو تێکچوونی سوڕی مانگانەو کەمبوونەوەی تایبەتمەندییە سێکسییەکانی مێو نەزۆکیو پووکانەوەی هێلکەدان .

بیرمان نەچێت، پەیوەندیی سێکسیی نادروست لەگەڵ تابۆدا، واتە لەگەڵ کەسانی پلەیەکو ئەوانەی ناشێت کاری سێکسییان لەگەڵدا بکرێت، لەنێوان مەیخۆراندا زۆر زیاترە وەك لە کەسانی ترو چیرۆکی دەستدرێژیکردنە سەر خوشکو دایکو خێزانی باوکو...... لەلایەن تاکی مەیخۆرەوە شتێکی نامۆ نییە، لە واقیعی کۆمەڵگادا دەیان چیرۆك هەیە، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی ترەوە دەشێت لاوازی سێکسیی تاکی مەیخۆر هاندەر بێت بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی خیانەتی لێبکات، لەبەرئەوەی ئەم ناتوانێت بە ئەرکەکانی هاوسەری هەڵسێت، لەلایەکی ترەوە وەك تۆڵەکردنەوەك بۆ هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە ناشرینەکانی مەیخۆر کە زۆرجار هاوسەری پێوە گیرۆدە دەبێتوکاریگەریی لەسەر سەرجەم تاکەکانی خێزان هەیە.

هەندێکجار تاکی مەیخۆر بەهۆی لاوازی خۆیەوە تووشی حاڵەتی وەهم دەبێت بەرامبەر بە خێزانەکەیو تۆمەتی ناپاکیی دەخاتە پاڵ، رەنگە ئەمە جۆرێك بێت لە میکانیزمی بەرگریی تاکو لە لاوازیو فەشەل رابکات.

گەلێك لە ناودارانی جیهان سەرەڕای سەرکەوتنیان لە بوارەکەی خۆیاندا، بە هۆی ئالوودەبوونیان بە مەیو ئەو گرفتانەی لەوە دەکەونەوە، هاوسەرەکانیان بەجێیانهێشتوون وەکو سوقراتو ڤان کوخو ئەحمەد شەوقیو بیرۆنو شۆمانو ئۆسکار وایڵد.

لەکۆتاییدا دەڵێم مەی دەبێتە بەردانی زمانو نەمانی هاوسەنگیو زیادکرنی توندوتیژیو لاوازی جەستەو ماڵئاواییکردن لە سێکسی دروست.